# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی عێراق

## هەواڵنامەی مرۆیی

نیسانی ٢٠٢١



## ناوەڕۆکەکان:

- **هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی ئێزیدیەکان**
- **شیکاری بۆشاییەکان لە پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠**
- **سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخششی سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی وەردەگرێت**
- **سەردانی یەکەی سندوقی مرۆیی عێراق بۆ چاودێریکردنی مەیدانی**
- **بەژداریکردنی ئاوارەکان لە هەڵبژاردنەکان**

## هەوڵە تازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی ئێزیدیەکان



دوو پیاوی ئێزیدی لە خێوەتگەی بێرسڤی بۆ ئاوارەکان ژیان دەگوزەرێنن ساڵی (٢٠١٩) سەرچاوەی وێنە: لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی)

لە نیسانی ٢٠٢١، دوو ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هەوڵی تازەیان ڕاگەیاند بۆ هاوکاری کردنی ڕزگاربووان لە کۆمەڵکوژی ئێزیدی. ئێیزیدیەکان بریتین لە کەمینەیەکی ئایینی کە باوەڕیان و مەشقەکانیان بۆ چەندین هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، زۆرینەیان بە درێژایی مێژوو لە هەرێمی سنجاری باکوری عێراق ژیاون، لە نزیك سنوری سوریا.

٣ی ئابی ٢٠١٤، داعش وا ئێزیدیەکانی ناساند کە کافرن– بۆیە هێرشێکی زۆری برد بۆ سەر هەرێمی سنجار وەك بەشێك لە هەڵمەتیان بۆ توندوتیژی گەورەتر بۆ داگیرکردنی ناوچەکە، گرتن و کۆنترۆڵکردنی خاکەکە لە عێراق و سەپاندنی بیرۆکەی توندەڕەویان. ڕاپۆرتەکان بە زوویی سەریان هەڵدا لە تاوانە قێزەونەکان کە لە دژی ئێزیدیەکان ئەنجام دران: پیاوان ئەشکەنجە دران، کوژران یان ناچارکران کە بێنە سەر ئایینی ئیسلام؛ ئافرەتان و کچان لە بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشکران و وەك کۆیلەی سێکسی لەلایەن چەکدارانی داعش ڕاگیران؛ و کوڕانی بچووکیش بە زۆرەملێ لە خێزانەکانیان دابردران و پاڵنران بۆ ناو ئەوەی کە وەك سەربازی منداڵ بەژداربن لە خێوەتگەکانی مەشقکردنی داعش. بە هەزارانیان مردن، بە هەزارانی تریش بە نادیاری دەمێننەوە، و بەسەدان و هەزارانی تریش ئاوارەبوون، زۆربەیان لە ناو خێوەتگەکانی پارێزگای دهۆکن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەرچەندە هێزە عێراقیەکان و هاوپەیمانان دووبارە کۆنترۆڵیان دامەزراندەوە بەسەر سنجار لە ساڵی ٢٠١٧، و ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە دژی داعش کە لە کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە کۆتایی پێهات، ئێزیدیەکان دووچاری ئاستەنگە بێشوومارەکان بوونەوە لە هەوڵدان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان، لەوانە وێرانکاریەکانی بەرفراوانی ژێرخان.

ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان پێویستیە مرۆییەکانی ئێزیدیە ئاوارەکانیان پڕکردۆتەوە کە لە هەردوو ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن بۆ چەندین ساڵ دەبێت، بەڵام عێراق بەردەوامە لە گواستنەوە بۆ چوونە دەرەوە بەپەلە بۆ دەقی دوای ململانێ، چارەسەری زیاتری ماوە درێژ پێویستن بۆ یارمەتیدانی گەڕانەوەی ئێزیدیەکان بۆ ماڵەوەیان.

لە ڕۆژی ١ی نیسان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە عێراق پڕۆژەیەکی هاوبەشی ڕاگەیاند بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خانووەکان و هەوڵەکانی پەرەپێدانی یادی کۆمەڵگا لە لادێ ی کۆجۆ، کە دووچاری هەندێك لە خراپترین تاوانەکانی داعش بوونەوە. بە هاوتەریبی ئەوەش، لە ڕۆژی ١٢ی نیسان، ڕێکخراوی هابیتاتی نەتەوە یەکگرتووەکان یادەوەریەکی لێك تێگەیشتنیان واژۆکرد لەگەڵ وەزارەتی دادی عێراق بۆ هاوکاری کردنی ئێزیدیەکان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی ماڵ و زەوی و موڵکیان لە سنجار. زۆربەی جار ئێزیدیەکان دووچاری ئالنگاریە گەورەکان دەبنەوە لە سەلماندنی خاوەندارێتیان یان مافەکانی زەوی خۆیان، بەهۆی پاشماوەی سیاسەتەکانی جیاکاری یان ئەو ڕاستیەی کە بەڵگەنامە فەرمیەکان وونبوون، زیانیان پێگەیشتووە و لەناوچوون لە دوای ململانێ لە دژی داعش. ئەم دەستپێشخەریانە دوابەدوای چالاکبوونی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیان لە ڕەگەزی مێ لەلایەن پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ لە ئاداری ٢٠٢١، کە دەگەڕێت بەدوای دامەزراندنی چوارچێوەیەك بۆ قەرەبووکردنەوە و زیانەکانی ڕزگاربووانی دەستی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ کە دەتواندرێت بەکاربهێندرێت بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی تاوانەکانی داعش لە دژی ئێزیدیەکان و گروپە کەمینەکانی تر.

The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to
Coordinate the global emergency response to save lives and protect people in humanitarian crises.
We advocate for effective and principled humanitarian action by all, for all.
**www.unocha.org**

ئەم هەوڵانە جێبەجێ دەکرێن بە هاوتەریبی لەگەڵ کارە بەردەوامەکانی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی بۆ تاوانەکانی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون، کە کارنامەی بۆ دانراوە بۆ هاوکاری کردنی هەوڵەکانی هاوکاری کردنی ناوخۆیی بۆ بەرپرسیار ڕاگرتنی داعش بە کۆکردنەوەی و پاراستن و گلدانەوەی بەڵگەنامە لە ناو عێراق سەبارەت بە کردەوەکان کە دەکرێ بە تاوانەکانی جەنگ دابنرێن، تاوانەکان لە دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی کە ئەنجام دراون لە ناو عێراق.

## شیکاری بۆشایی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە ناو عێراق

لە کۆتایی ئاداری ٢٠٢١، گرووپی هەماهەنگی فرە گرووپی عێراق شیکاریەکی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکردەوە، کە بۆشاییەکان لە پوختەیەکدا باس دەکات لە ناو بەهاناوەچوون و ئالنگاریەکانی پەیوەندیداریشی دەستنیشانکردووە لە جێبەجێکردنی چالاکیە مرۆییەکان بە گوێرەی پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی ساڵی ٢٠٢٠. پوختەکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانە لەلایەن هەشت گروپ و دوو نیمچە گروپ.

**Gaps by cluster**

| Cluster | # of times a cluster reported the highest gap in a district: Out-Of-Camps IDPs | # of times a cluster reported the highest gap in a district: Returnees | Total response gap: IDPs | Total response gap: Returnees |
|---|---|---|---|---|
| Health | 22 | 12 | 180K | 228K |
| WASH | 4 | 7 | 36K | 148K |
| Education | 5 | 4 | 69K | 74K |
| Food Security | 7 | 2 | 94K | 80K |
| General Protection | 2 | 4 | - | 257K |
| Shelter & NFI | 6 | | 75K | 25K |
| Child Protection | 5 | | 86K | 119K |
| Gender Based Violence | 1 | 2 | 40K | 180K |
| Emergency livelihood | | | - | 27K |

لە پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی ساڵی ٢٠٢٠، هاوکارانی مرۆیی بە نیازبوون کەوا پێویستە زۆر گرنگەکانی ١.٨ ملیۆن کەس پربکەنەوە کە لە ٦٣ لە کۆی ١٠١ قەزا ژیان دەگوزەرێنن. سەرەڕای دەستپێکی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩، هاوکارانی مرۆیی دەستیان گەیشتووە بە ١.٤ملیۆن کەس کە دەکاتە (٨١ لەسەدای ئامانجەکە)، لەگەڵ ٩٥ لەسەدای داواکاریەکانی پاڵپشتی دارایی کە پڕکراونەتەوە. هەرچەندە، بۆشاییەکانی بەهاناوەچوون دۆزرابوونەوە کە زیاتر دیاربوون بۆ هەندێك گروپی دیاریکراو لە دانیشتوان و ناوچەکان. لەو کاتەی کە هاوکاران توانیان دەستیان بگاتە تەواوی ئاوارەکان کە لە ناو خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن، بۆشایی بەهاناوەچوون بەتایبەتی بەرزبوون لە نێوان ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە (٢٩١٠٠٠ کەس لە کۆی ٤٢٩٠٠٠ کەسی بە ئامانجکراو هاوکاری کرابوون، یان ٦٨ لەسەدا) و ئاوارە گەڕاوەکان کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە (٨٧٨٠٠٠ کەس لە کۆی ١.٢ ملیۆن کەسی بە ئامانجکراو هاوکاری کرابوون، یان ٧٤ لەسەدا).

تەواوی گروپەکان دووچاری هەندێك لە بۆشاییەکان بوونەوە لە بەهاناوەچوونیان؛ لەسەر ئاستی قەزا، زۆرترین بۆشاییەکانی بەهاناوەچوون زۆربەی جار لەلایەن گروپەکانی تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و پاراستن (لەوانە تیایدا خانووبەرەو و زەوی و موڵك و کاری مین هەڵگرتنەوە و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و پاراستنی منداڵان)، پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی و ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك وخاوێنی. بۆشاییەکان پۆلێن دەبنە سەر پێنج پۆلێنی فراوانتر: نەبوونی پاڵپشتی کردنی دارایی، نەبوونی دەستگەیشتن، نەبوونی ئامادەگی هاوکارانی مرۆیی و دووبارە کردنە کاری لەپێشینەی سوودمەندبووان یان ئالنگاریەکانی پەیوەندیدار بە کۆڤید-١٩. هەندێك لە بۆشاییەکان لەوانەیە بەژداربن بەهۆی ئالنگاریەکان لە ڕاپۆرتکردن و گونجاندنی شێوازی بەهاناوەچوونەکە. زۆرترین بۆشاییەکان لە بەهاناوەچوون بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە لە قەزای هەولێر بینراون، دوابەدوای ئەویش قەزای سمێل لە دهۆك و قەزای سلێمانی. هەروەك هیچ کێشەیەکی بەردەوامی چوونەژوورەوە یان کارگێری نیە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاوپێخشاندنەوەی زیاتر ڕاسپێردراوە لەلایەن ڕاپۆرتی شیکاری بۆشاییەکان بۆ ناو هۆکارەکانی ئەم نەبوونی خزمەتگوزاریە مرۆییەکان. بۆ ئاوارە گەڕاوەکان، زۆرترین بۆشاییەکان لە بەهاناوەچوون لە تەلعەفەر بینراون، دوابەدوای ئەویش لە حەویجە لە کەرکوك و تەلکێف لە نەینەوا. لە هەندێك لە قەزایەکان، بۆشاییەکان لە بەهاناوەچوون بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو خودی یەك یان دوو گروپ بوون، لەو کاتەی کە نزیکەی تەواوی گروپەکان بۆشایی بەرچاویان هەبوو.

لەگەڵ هەندێك جیاوازی، زۆربەی بۆشاییەکان لە بەهاناوەچوون بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە بەشداربوون بەهۆی نەبوونی ئامادەگی هاوکارانی مرۆیی، لەو کاتەی کە هۆکاری سەرەکی بۆ بۆشاییەکە لە بەهاناوەچوون بۆ ئاوارە گەڕاوەکان ڕاپۆرتکرابوو کە بەهۆی سنوورداریەکان بوو لەسەر کۆڤید-١٩. بە شێوەیەکی گشتی، کێشەکانی دەستگەیشتن کەمترین ڕاپۆرت کرابوون لە دەستەیەك لە ئالنگاریەکان.

## سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق بەخششی سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی وەردەگرێت بۆ هاوکاری کردنی دەستپێشخەریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی

لە ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٢١، سندوقی بەهاناوەچوونی ناوەندی تەنگەتاوی بڕی ١.٦ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بەخشی بە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان لە عێراق بۆ بەرنامەی ماوەی دوو ساڵ بۆ دابین کردنی دەستپێشخەریەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە ناو وڵات. پاڵپشتیە داراییەکان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای هاوکارانی نیشتمانی، بە تایبەتی بۆ ڕێکخراوەکانی توانایپێدانی ئافرەتان، و دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئافرەتان و کچان دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی جۆری دەروونی و هاوکاری کردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها زیادکردنی دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران. بەخششەکە ڕێگە بە زیادکردنی توانای تیمە گەڕۆکەکان دەدات بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و تەندروستی ئافرەتانی دووگیان بۆ ئاوارەکان و ئاوارە گەڕاوەکان و ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ ی باروودۆخ لاواز.

سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو وەك سندوقێکی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، و لەلایەن هەماهەنگیکاری کۆمەکی تەنگەتاویەوە بەڕێوە دەبرێت (کە ئەویش کار دەکات وەك جێگری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری مرۆیی). لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا، سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی بڕی زیاتر لە ٥.٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بەخشیوە بۆ هاوکاری کردن لە ڕزگارکردنی ژیان لە زیاتر لە ١٠٠ وڵات و ناوچە.

توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بەرفراوانە لە ناو عێراق، بە شێوەیەکی فراوان کە بەژدارە بە قوڵی ڕەگبەستووی شێوازەکانی کۆمەڵایەتی نەرێنی پێشوو و نایەکسانیەکان لە ڕەگەز، هەروەها بۆ ئالنگاریە بەرفراوانەکان کە پەیوەندیدارە بە ئاوارەبوونی ماوە درێژ. بە گوێرەی داتای کۆکراوە لەلایەن گرووپی پاراستنی نیشتمانی، هەڕەشە سەرەکیەکان کە کاریگەریان لەسەر ئافرەتان و کچان هەیە پەیوەندیدارن بە جۆرە جیاوازەکانی فشار و توندوتیژی و هەراسانکردن و مامەڵەی نەشیاو یان لە ناو خودی سەرۆك خێزان، لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگا یان لەلایەن چەکدارانی ئاسایش ئەوانیش ڕاپۆرتکراون. شیکاریەکەی نیمچە گرووپی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی لە ڕاپۆرتکردنی ئاڕاستەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەوەی دۆزیەوە کە زۆرینەی ڕووداوەکان ڕاپۆرتکراون لەلایەن ئەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە، ڕەگەزی مێ، ڕزگاربووانی هەرزەکار و زۆربەیان ئەنجام دراون لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە لە ماڵەوە. هەروەها نیمچە گرووپەکە ئەوەشی دۆزیوەتەوە کە گرووپە بارودۆخ لاوازەکانی وەك سەرۆك خێزانەکان لە ڕەگەزی مێ و منداڵ، ئافرەتانی گوماناوی پەیوەندی هەبوو بە توندڕەوەکان، بێوەژنەکان و کەسانی کە خاوەن پێداوسیتی تایبەتین لە مەترسیەکی زۆردان بۆ توندوتیژی سێکسی، بەشوودانی زوو و سێکسی مانەوە لە ژیان و بازرگانی کردن بە سێکس.

ئەو بەخششی بڕی ١.٦ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان بۆ عێراق بەشێکە لە یەکەمین تەرخانکردنی پاڵپشتی لە سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی تایبەت بۆ هاوکاری کردنی بەرنامەدانانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی جیهانی. تەرخانکردنەکە بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی خەرج دەکات بۆ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان لە چەندین ووڵات بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی لە دژی ئافرەتان و کچان، و زیاتر هاوکاری کردنی قوربانیان و ڕزگاربووان تاکو دەستان بگات بە چاودێری پزیشکی، پلاندانانی خێزانی و ئامۆژگاری یاسایی و ژینگە سەلامەتەکان و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دەروونی و ڕاوێژکردن.

## سەردانی سندوقی مرۆیی عێراق بۆ موحەلەبیە بۆ چاودێریکردنی مەیدانی




سەردانی سندوقی مرۆیی عێراق بۆ موحەلەبیە بۆ چاودێری کردنی مەیدانی. (سەرچاوەی وێنە: لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی)

لە نیسانی ٢٠٢١، تیمێکی چاودێریکردن لە سندوقی مرۆیی عێراق سەردانێکی چاودێری کردنی مەیدانی بۆ موحەلەبیە ئەنجامدا، لە نەینەوا، بۆ چاوپیاخشاندنەوەی پڕۆژەکان کە پاڵپشتی داراییان وەرگرتووە وەك بەشێك لە تەرخانکردنی یەدەگی دووەم لە ساڵی ٢٠٢٠.

لە بەهاناوەچوون بۆ داخرانی لە ناکاوی چەند خێوەتگەیەکی ئاوارەکان کە لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ دەستی پێکرد- کە بووە هۆی خێراکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوارەبوون بۆ جاری دووهەمی ٣٤.٠٠٠ کەس – سندوقی مرۆیی عێراق بڕی ٥.٧ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی ڕاگەیاند لە تەرخانکردنی یەدەگ لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ هاوکاری کردنی بەهاناوەچوونی بەپەلە بۆ هاوکارانی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی و پاراستن و ئاووخاوێنکردنەوە پاك و خاوێنی کە ئەو ناوچانە بە ئامانج دەگرن کە لێشاوێکی تازەی ئاوارە گەیشتووەکانی بەخۆیەوە بینیوە لە خێوەتگە داخراوەکانی ئێستا.

وەك بەشێك لە تەرخانکردنی یەدەگی دووەم، هاوکارێکی سندوقی مرۆیی عێراق Oxfam هەڵسەنگاندنەکانی ئەنجام دا و ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێوان زۆرترین پێویستیە گرنگەکان، ئاوارە گەڕاوەکان پێویستیان بە کەل و پەلە سەرەکیە زۆر پێویستەکانی ناوماڵە لە کاتی گەڕانەوەیان. لەگەڵ پاڵپشتیە داراییەکان لەلایەن سندوقی مرۆیی عێراق، Oxfam نەخشەی پڕۆژەیەکی سێ مانگی داڕشتووە بۆ پێدانی کەل و پەلەکانی ناخۆراکی بە خێزانە ئاوارە تازە گەڕاوەکان لە سەلاحەددین و دیالە و نەینەوا. هەروەك بە گوێرەی ڕێبەریەکانی گرووپی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی، کەل و پەلەکان لەوانە تیایدا تەباخی نەوتی و هیتەر و بەتانی و قاپ و کەل و پەلەکانی تری چێشتخانە، دەفری ساردکەرەوە و کەل و پەلەکانی خاوێنکردنەوە بۆ کۆڤید-١٩ و لامپا و گالۆن و پەت و دەفرەکانی کۆگاکردنی ئاو و نایلۆن و سەتڵ.

لە کاتی تەواوکردنی پڕۆژە تەنگەتاویە سێ مانگیەکەیە، تیمی سندوقی مرۆیی عێراق سەردانی موحەلەبیەی کرد بۆ چاوپیاخشاندنەوە بە جێبەجێکردن کە ئەوەش دەرفەتێکی بە سوودمەندبووان بەخشی تاکو ڕاوبۆچوونی خۆیان بڵێن سەبارەت بە جۆری هاوکاری کە وەرگیراوە. گفتوگۆیەکان تیشکیان خستە سەر پێویستە بەردەوامەکانی ئاوارە گەڕاوەکان کە زۆر پێویستن لەو کاتەی کە ئەوان دووبارە ژیان و گوزەرانیان دادەمەزرێننەوە لە دوای چەندین ساڵی گوزەراندنی ژیان لە ناو خێوەتگەیەکی ئاوارەکان. لە کۆبوونەوەیەك، قائیمقامی موحەلەبیە گوتی کە هاوکاری ماوەی درێژتر پێویست بوو بۆ شارۆچکەکە کە وێرابوو لە ماوەی ململانێ لە دژی داعش، بە تایبەتی چاودێریکردنی ژیان وگوزەران و دووبارە بنیاتنانەوەی خانووەکانی زیان پێگەیشتوو بەهۆی جەنگ.

سەردانەکان بۆ خانووەکانی ئەو کەسانەی کە هاوکاری کراون بە دابەشکردنی کەل و پەلی ناخۆراکی تەنگەتاوی تیشکی خراوەتە سەر کە دووبارە بنیاتنانەوەی پەناگە، دامەزراندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و دابینکردنی دەرفەتەکانی کۆکردنەوەی داهات بەپەلە پێویستن. لە یەك ناوچە، خانووەکان کە ڕووخابوون بەهۆی مووشەکە کاتیۆشاکان کە لەوێ مابوونەوە، لەو کاتەی هاووڵاتیان کە ناچارکرابوون بگەڕێنەوە لە خێوەتگەکان لە ڕەشماڵەکان ژیانیان گوزەراندووە کە ڕێگەیان پێدرابوو لەگەڵ خۆیان ببەن لە کاتی دەرچوونیان لە خێوەتگە.

ئەو هاوکاریانە کە دابینکراون لەلایەن سندوقی مرۆیی عێراق لە تەرخانکردنەکانی ستاندەرو یەدەگ توانا بە هاوکارانی مرۆیی دەدات تاکو بە خێرایی خۆیان بگونجێنن و بەهاناوەچوون ئەنجام بدەن بۆ پێویستیەکانی کە سەر هەڵدەدەن لە ناوچەکانی کە خزمەت نەکراون، لەسەر بنەمای کارە لەپێشینەکانی فرە گرووپ. وەك سەرچاوەیەکی گەورەی پاڵپشتی کردنی دارایی مرۆیی لە ناو عێراق – لەو کاتەوەی ساڵی ٢٠١٥، سندوقەکە بڕی زیاتر لە ٣٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی خەرجکردووە – سندوقی مرۆیی عێراق بەڕێوەبردنێکی مەترسی تۆکمە و ئامرازەکانی بەرپرسیارێتی هەیە، لەوانە چاودێریکردنی مەیدانی بۆ پڕۆژەی، پشکنینەکان و ووردبینیەکانی خاڵی دارایی، چەند جارەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی مەترسی لەلایەن هاوکاران، قەبارەی بەخشش و ماوەکەی.

## بەژداری کردنی ئاوارەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانتاری بۆ ساڵی ٢٠٢١

هەڵبژاردنەکان بۆ بڕیاردان لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ناو عێراق (پەرلەمانی فیدڕاڵ) خشتەیان بۆ دانراوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بەڕێوە بچێت. یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە ٩ لەسەر شایستەبوونی دەنگدەر، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ وەرگیرا، کە دابینکردنی تایبەت لەخۆدەگرێت و توانا بە بەژداری کردنی ئاوارەکان دەدات لە شوێنەکانی ئاوارەبوونیان بۆ هەڵبژاردنی دانیشتوان کە لێیەوە ئاوارەبوونە، دابینکراوە و ئەوان بە شێوەی بایۆمەتری تۆمارکراون.



وێنەی فایلی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق لە دانانی سەنتەرەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان (٢٠١٩)
(سەرچاوەی وێنە: لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق

بە گوێرەی کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، تاکو خۆ تۆمارکردن هەبێت بۆ دەنگدان، ئاوارەکان دەبێت چەند فۆڕمێك ئامادە بکەن لە ناسنامەیان، لەوانە ناسنامەی باری شارستانی و جنسیەی عێراقی. ئاوارەکانی کە ناتوانن ئەو پێویستیانە دابین بکەن ناتوانن خۆیان تۆمار بکەن وەك دەنگدەری ئاوارە و ناتوانن دەنگ بدەن هەتا وەکو نەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان. دەرچوواندنی بەڵگەنامەی شارستانی وونبوو بۆ بەشداری کردن لە ژیانێکی شارستانیانە بریتی بووە لە جەختکردنەوەیەکی لەپێشینەی هاوکارانی پاراستن لە سەرانسەری بەهاناوەچوونی مرۆیی. لە ساڵی ٢٠٢٠، ٢.١ ملیۆن کەس لە سەرۆك خێزانەکان ژیانیان گوزەراندووە کە بەڵگەنامەیەك یان زیاتریان وونکردووە.

تاکو هانی ئاوارە شایستەکان بدرێت بۆ خۆتۆمارکردنی دەنگدان، کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەنتەرەکانی گەڕۆکی تۆمارکردنی نارد بۆ ئەو خێوەتگە فەرمیانەی ئاوارەکان کە ماونەتەوە لە ناو عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان. ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە داوایان لێکرابوو کە ئامادەبن لە نزیکترین سەنتەری خۆتۆمارکردنی دەنگدەران بۆ تۆمارکردنی ناویان بۆ دەنگدان، بەتایبەتی ئەو ئاوارانەی کە مەترسیان لەسەرە لە دەرکردنیان لەو شوێنەی کە ئێستا تیایدان.

بە گوێرەی لێدوانی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق، لە ڕۆژی ٩ی نیسان، ٢٣.٧٣٨ ئاوارەی دەنگدەری تازە تۆمارکرابوون لەو کاتەوەی کە تۆمارکردن دەستی پێکردبوو لە ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەم. ٩٦.٦٣٥ ئاوارە پێش وەختە ناوی خۆیان تۆمارکردبوو لەگەڵ کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. ئەمەش نزیکەی ١٠ لەسەدای دانیشتوانانی ئاوارەیە. چاودێریکاران تێبینی ئەوەیان کردووە کە ڕێژەی تۆمارکردنی ئاوارەی دەنگدەر کەمترە لەوەی کە پێشبینی دەکرا، کە ئەمەش نیگەرانیەکان بەرزدەکاتەوە لەبارەی ئاستە لاوازەکانی بەشداری کردنی ئاوارەکان لە بە دەنگەوە هاتنیان بۆ هەڵبژاردنەکان. تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاوێژکارانی هەڵبژاردنەکان نێردران لەسەر ئاستی بنکە هەرێمیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەردەوامی کارکردن لەگەڵ هاوبەشانیان لە کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ لێپێچینەوە لەسەر باری گازاندەکانی پەیوەندیدار بە ئاستی کەمی تۆمارکردنی ناو بۆ ئاوارەکان.